# خۆپاراستن لەناو ئینتەرنت و ئاسایشی دیجیتاڵی

ڕێبەری بەکارهێنەر بۆ بەرگریکاران لەمافی مرۆڤ



#سەلامەت_بە


Human Rights Office
United Nation Assistance Mission for Iraq
(UNAMI)
بعثة الأمم المتحدة لمساعدة العراق
(يونامي)

INSM
الشبكة العراقية للإعلام المجتمعي

# بەندی 19

جارنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ

هەموو مرۆڤێک مافی ئازادیی بیرورِا و ئازادیی دەربڕینی هەیە. بە گوێرەی ئەم مافە هەموو مرۆڤێک بێ دەستتێوەردان ئازادە لە هەڵبژاردنی بیرورِا، گەڕان بەدوای زانیاری، وەرگرتن و پەخشی زانیاری و بیرورِا بە هەموو دەستاوێژێکی دەربڕین و بێ گوێدانە سنووری ناوچە.

Digital Safety Manual by INSM Network is licensed under a
Creative Commons Attribution-NonCommercial 4.0 International License.

# ناوەڕۆک

**ئوستۆپاکی**
**یەکەم: پێشەکی**
**دووەم: گرنگترین دە بنەمای سەرەکی پاراستنی کۆمپیوتەرو مۆبایل**
**سێیەم: دروستکردنی وشەی نهێنی بەهێزو کاراکردنی چونەژوورەوە بەدوو هەنگاو**
- وشەی نهێنی بەهێز
- چونەژوورەوە بەدوو هەنگاو (MFA)
**چوارەم: لەناوبردنی بەرنامە مەترسیدارەکان Malware**
- بەرنامە مەترسیدارەکان چین؟
- چۆنێتی پاراستنی ئامێرەکان لە بەرنامە مەترسیدارەکان
**پێنجەم: گەڕانی سەلامەت بەناو ئینتەرنتدا**
- پاراستنی ڕاوتەرەکەت
- بەکارهێنانی Wi-Fi گشتی
- خۆت بپارێزە لەکاتی بەکارهێنانی Wi-Fi گشتی
- بەکارهێنانی ویبگەڕی سەلامەت
- بەکارهێنانی ئامرازی گەڕانی سەلامەت
- بەکارهێنانی زیادەکانی سەر ویبگەڕەکان بەمەستی پاراستنی سەلامەتی
**شەشەم: هەموو شتێک لەبارەی بەکۆدکردنەوە**
- "بەکۆدکردن" چییە؟
**أ. سەلامەتی پەیوەندیکردن**
- "پەیوەندی سەلامەت" چییە؟
- پێوەرەکانی سەلامەتی
- ڕاسپاردەکان بۆ بەکارهێنانی بەرنامەی سەلامەت بۆ پەیوەندیکردن
- چۆنێتی هەناردنی ئیمێڵ بەشێوەی سەلامەت (بەکۆدکراو) بەبەکارهێنانی PGP
**ب. هەڵگرتنی زانیاری و پاراستنیان بە شێوەی سەلامەت**
- هەڵگرتنی وێنەو گرتە ڤیدیۆو زانیارییەکان لەسەر ئامێرەکان
- بەکۆدکردنی زانیارییەکان و هەڵگرتنیان لەخزمەتگوزارییە هەورییەکان
- بەرنامەکانی بەکۆدکردن
**حەوتەم: سڕینەوەی زانیارییەکان بەشێوەی سەلامەت**
- چۆنێتی پاککردنەوەی ئامێرەکان
- چۆنێتی لەتوپەتکردنی زانیارییەکان و سڕینەوەی هەتاهەتاییان
**هەشتەم: ڕێگریکردن لە ڕاوکردنی دیجیتاڵی**
- جۆرەکانی ڕاوکردن
- چۆن خۆت لە ڕاوکردنی دیجیتاڵی دەپارێزیت
**نۆیەم: سەرچاوەکان و خوێندنەوەی تر**
**دەیەم: فەرهەنگی زاراوەکانی ئاسایشی دیجیتاڵی**

# ئەستۆپاکی

نووسینگەی مافی مرۆڤی نوێنەرایەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاریی عێراق (یونامی) پێشوازی لە دەرفەتی پێشخستنی چالاکیی و بڵاوکراوەکانی دەکات بە هاوکاری لەگەڵ هاوبەشەکانی. تکایە ئاگاداربە کە زانیاری، ئامۆژگاری و پێشنیارەکان (لەوانەش نەرمەکاڵا و بەرنامە پێشنیار کراوەکان) لەلایەن نووسەرانی ئەم ڕێنماییە تەنها بۆ مەبەستی زانیاری گشتی دابینکراون، و مەرج نییە نوێنەرایەتی بۆچوونەکانی UNAMI بکەن.

لە کاتێکدا نووسەرانی ئەم بەڵگەنامەیە هەوڵیان داوە زانیارییەک کە لە کاتی بڵاوکردنەوەدا هەنووکەیی و دروست بن، بەڵام هەڕەشەکانی ئایتی و ئاسایشی دیجیتاڵی بە خێرایی دەگۆڕدرێن و هەر بۆیە ناتوانرێت لە هەموو کاتێکدا گەرەنتی وردبینی بکرێت. بەم شێوەیە، یونامی هیچ نوێنەرایەتییەک یان گەرەنتییەک بە هیچ جۆرێک سەبارەت بە تەواوی، وردی، متمانەپێکراوی، گونجاوی، یان بەردەستبوون سەبارەت بەو زانیارییە، بەرهەم یان خزمەتگوزارییانەی لێرەدا هاتووە، نادات. بەکارهێنەران پێویستە پێش بەکارهێنانیان وردبینی و ئاسایشی زانیاری یان نەرمەکاڵاکانی ئێستا پشتڕاست بکەنەوە. سەرچاوەکان لە کۆتایی ئەم ڕێنماییەدا هاتووە بۆ یارمەتیدانی بەکارهێنەران بۆ ئەوەی ئاگاداری شێواز و نەرمەکاڵاکان بن.

# پێشەکی

## پاراستنی مافی مرۆڤ لەسەر ئینتەرنت لەعێراقدا

مافی مرۆڤ بە یەکسانی لەسەر ئینتەرنت و لە دەرەوەی ئینتەرنت وەک یەکە

سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بانگەوازەکەیدا بۆ کردەوە نواندن بۆ مافەکانی مرۆڤ جەختی لەوە کردەوە کە تەکنەلۆژیای دیجیتاڵی ئاسۆی نوێی کردۆتەوە، ئامرازی نویێ بۆ داکۆکیکردن و بەرگریکردن و بەکارهێنانی مافەکانمان دابینکردووە. لە هەمان کاتدا زۆرجار ئەم تەکنەلۆژیا نوێیانە بۆ پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و کەمکردنەوەی فەزای مەدەنی بەکاردەهێنرێن، لەوانە چاودێریکردنی ئۆنلاین، سەرکوتکردن، سانسۆر و هەراسانکردن.
لە عێراق داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ زیاتر پشت بە تەکنۆلۆژیای دیجیتاڵی دەبەستن بۆ چاودێریکردن، بەڵگەنامەکردن، ڕاپۆرتکردن و بەرگریکردن لە مافەکانی مرۆڤ. ڕۆژنامەنووسان، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، چالاکوانان و خەڵکی دیکە دەچنە سەر ئینتەرنێت بۆ ئەوەی بۆچوونەکانیان بەیەکەوە باس بکەن و مشتومڕەکان بەرەوپێش ببەن و پشتیوانی دروست بکەن. بۆ نموونە، کاتێک خۆپیشاندانی بەرفراوانی دژە حکومەت لە ئۆکتۆبەری ٢٠١٩ بە قەبارەیەکی بێوێنە لە چەند پارێزگایەکی سەرتاسەری عێراق دەستیپێکرد، فەزای ئۆنلاین سەکۆیەکی سەرەکی بوو بۆ کۆکردنەوە، ڕێکخستن، هاوبەشکردنی زانیاری لە کاتی ڕاستەقینە و ڕاپۆرتکردن لەسەر پێشهاتەکان، هاوکات تۆمارکردنی پێشێلکاریەکانی مافەکانی مرۆڤ.
بەڵام لە هەمان کاتدا پلاتفۆرمە سەر ئینتەرنت دەتوانرێت بۆ هەڕەشەکردن و ترساندن و هەراسانکردنی خۆپیشاندەران بەکاربهێنرێت، لەوانە هاککردنی ئەکاونتی تایبەت یان "بوختانکردن"بۆ کەسەکان، ڕێگەخۆشکردن بۆ بەرکەوتن لەدەرەوەی ئینتەرنت، جگە لەوەش حاڵەتەکانی هاککردن، دەستبەسەراگرتنی کەرەستەی ئەلکترۆنی، دزینی دزینی زانیاری، پێشێلکردنی خاوەندارێتی فیکری و پێشێلکردنی تایبەتمەندییەتی لە عێراق بەردەوام لە هەڵکشاندایە.
تطرح الحماية الفعالة لحقوق الإنسان عبر الإنترنت تحديات هائلة بسبب التقنيات المتطورة باستمرار و "إخفاء" الجناة. في هذا السياق، يحتاج المستخدمون الأفراد للتقنيات الرقمية إلى مواكبة التطورات واتخاذ تدابير استباقية لحماية خصوصيتهم وسلامتهم وسرية بياناتهم.

پاراستنی کاریگەرانەی مافەکانی مرۆڤ بە شێوەی ئۆنلاین بەهۆی پەرەسەندنی بەردەوامی تەکنەلۆژیا و "خۆشاردنەوەی" تاوانباران، گرەوی ترسناکی دروستکردووە. لەم چوارچێوەیەدا، بەکارهێنەری تاکەکەسی تەکنەلۆژیا پێویستە ئاگاداری پێشهاتەکان بێت و ڕێوشوێنی چالاکانە بگریتەبەر بۆ پاراستنی نهێنی و سەلامەتی و نهێنی زانیارییەکان.

ئەم ڕێبەرە لەلایەن تۆڕی عێراق بۆ مافە دیجیتاڵییەکان (INSM) پەرەی پێدراوە، بە پاڵپشتی فەرمانگەی مافی مرۆڤ، نوێنەری هاوکاری نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عێراق (یونامی) بۆ دابینکردنی ئامرازی پراکتیکی بۆ بەرگریکارانی مافی مرۆڤ بەتایبەتی بۆ پاراستنی خۆیان لە دەستدرێژکاران و ئەوانی تر. ڕێنماییەکان بەشێکن لە پرۆژەی "مافی دیجیتاڵی و ئاسایشی دیجیتاڵی" کە لە ساڵی ٢٠٢١ەوە لەلایەن تۆڕی عێراق بۆ مافە دیجیتاڵییەکان (INSM) بە پاڵپشتی یونامی جێبەجێ دەکرێت، بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵک و کەمکردنەوەی مەترسییەکانی ئۆنلاین لە هەمان کاتدا زیاتر پاراستنی بەرگریکارانی مافی مرۆڤی عێراق لە فەزای دیجیتاڵیدا.
ئەم ڕێنماییە بۆ هەموو کەسێکە. ڕێنمایی بەکارهێنەران دەکات لە ڕێگەی هەنگاو و ئامرازە سەرەکییەکان کە پێویستیانە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییە دیجیتاڵییەکان و ڕێگریکردن لە مەترسییەکان بە شێوەی ئۆنلاین و ئۆفلاین.

# سەلامەت_بە

# 02

## گرنگترین 10 بنەمای سەرەکی پاراستنی کۆمپیوتەرو مۆبایل



01 ئاپدەیتکردنی سیستەمی وەگڕخستن و بەرنامەکان

02 دروستکردنی وشەی نهێنی بەهێز بۆ هەموو هەژمارەکان

03 کاراکردنی تایبەتمەندی چوونەژوورەوە بەدوو هەنگاو

04 داگرتنی بەرنامەی دژە بەرنامە مەترسیدارەکان

05 بەکارهێنانی ویبگەڕی سەلامەت

06 داگرتنی تۆڕی گریمانەیی تایبەت (VPN)

07 بەکارهێنانی بەرنامەو ئاپی سەلامەت و سەرچاوەکراوە

08 هەمیشە بەرنامەو ئاپەکان لەسەرچاوەی سەرەکییەوە دابگرە

09 بەکۆدکردنی کۆمپیوتەرو مۆبایل

10 کۆپییەکی زانیارییەکانت هەڵبگرە BackUp

# گرنگترین ١٠ ئامۆژگاری بۆ پاراستنی کۆمپیوتەرو مۆبایل

ئەم بەشە "دە ئامۆژگاری سەرەکی" دەخاتە ڕوو بۆ باشترکردنی ئاسایشی دیجیتاڵی بەکارهێنەر. ئەم هەنگاوە بنەڕەتیانە خاڵی چوونە ژوورەوە بۆ ئەو بابەتە سەرەکییانە دەڕەخسێنن کە لە بەشەکانی دواتردا بە قووڵی باس دەکرێن.

## ئامۆژگاری یەکەم: بە بەردەوامی سیستەمی کارپێکردن و ڕەقەکاڵا و ئەپ و مۆبایل و نەرمەکاڵاکانت نوێ Update بکەرەوە

کۆمپانیاکان جارجارە نوێکارییەکانی سیستەمی Update کارپێکردن بۆ بەرنامەکانیان پێشکەش دەکەن بۆ چارەسەرکردنی لاوازییە ئەمنییەکان. نوێکردنەوەی Update بەردەوام پاراستنی بەکارهێنەر لە پێشێلکردنی ئاسایش زۆر باشتر دەکات.

لە ویندۆز ١١دا بەکارهێنەر بڕیار دەدات کەی و چۆن نوێترین نوێکاری بەدەستبهێنێت بۆ ئەوەی ئامێرەکان بە شێوەیەکی ڕێکوپێک و پارێزراو کاربکەن. بۆ بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکان و بینینی نوێکارییە بەردەستەکان، پشکنین بۆ نوێکارییەکانی ویندۆز هەڵبژێرە. یان دەستپێکردن Start < ڕێکخستنەکان Settings < نوێکردنەوەی ویندۆز هەڵبژێرە Windows Update.

- لە Mac دا ئەو ڕێنماییانە جێبەجێ بکە کە لێرەدا هاتووە.
- بۆ نوێکردنەوەی مۆبایلی ئەندرۆیدەکەت، ئەو ڕێنماییانە جێبەجێ بکە کە لێرەدا هاتووە.
- بۆ نوێکردنەوەی iOS (ئایفۆن)، بچۆ بۆ ئەپ ستۆر و ئەو ڕێنماییانە جێبەجێ بکە کە لێرەدا هاتووە.

هەر سیستەمێکی کارپێکردن و بەرنامە و نەرمەکاڵایەک بەکاربهێنرێت، نوێکردنەوەی بەردەوامیان بکە بە کاری لەپێشینەی خۆت.

## ئامۆژگاری دووەم: دروستکردنی وشەی نهێنی بەهێز لەسەر هەموو ئامێرەکان

بەکارهێنەران دەبێت دڵنیابن لەوەی کە هەموو وشەیەکی نهێنیان:

- درێژە (زیاتر لە 12 پیت).
- ئاوێتەیە (تێکەڵەیەک لە پیتی گەورە و بچووک و ژمارە و هێماکانی تێدایە).
- هەڕەمەکی، وشەی باو، کاراکتەر، ڕیزبەندی ژمارە و هتد لەخۆناگرێت
- ناوازە (وشەی نهێنی جیاواز بۆ هەر ئەکاونتێک).
- نهێنی (بە ئاسانی نادۆزرێتەوە لەو کاغەز یان ئامێرەکاندا تۆمار نەکراون).

بۆ زانیاری زیاتر سەیری بەشی سێیەم بکە لەسەر چۆنیەتی دروستکردن و بەڕێوەبردن و هەڵگرتنی هەموو وشەیەکی نهێنی بە شێوەی سەلامەت.

## ئامۆژگاری سێیەم: لە هەر کاتێکدا کە دەتوانیت ڕەسەنایەتی فرە فاکتەری (MFA) بەکاربهێنە

- ڕەسەنایەتی فرە فاکتەری ئاسایشی دیجیتاڵی زۆر زیاد دەکات.
- ئەو ئەپانەی کە بە تایبەتی بۆ ڕەسەنایەتی فرە فاکتەری دیزاین کراون، وەک Duo Mobile و Aegis Authenticator و Google Authenticator پارێزراوترن لە ڕەسەنایەتی SMS.

بۆ زانیاری زیاتر و بەستەرەکانی ئەپە پێشنیار کراوەکان سەیری بەشی سێیەم بکە.

## ئامۆژگاری چوارەم: دامەزراندنی نەرمەکاڵای دۆزینەوە و وەڵامدانەوەی خاڵی کۆتایی (EDR) دژە بەرنامەی مەترسیدار

- بەرنامەی مەترسیدار دەتوانێت ئامێرێک لەناو ببات، زانیاری کەسی یان سەروەت و سامانی دارایی بدزێت، یان لە دوورەوە کۆنترۆڵی ئامێرێک بکات.

- نەرمەکاڵای EDR پاراستن لە بەرنامەی مەترسیدار لە ئینتەرنێتدا دابین دەکات.
- دانانی وەشانی مۆڵەتپێنەدراوی EDR لەسەر هەموو ئامێرێکی ویندۆز، ماک، لینوکس، iOS یان ئەندرۆید. نەرمەکاڵای "کراک - crack" بەکارمەهێنە.

- دانانی بەرنامەکانی وەکو Malwarebytes و Avira.

بۆ زانیاری زیاتر سەیری بەشی چوارەم بکە.

**ئامۆژگاری پێنجەم: وێبگەڕێکی پارێزراو بەکاربهێنە**

- وێبگەڕ پەنجەرەیەکث بۆ ناو ئینتەرنێت. ئەگەر پەنجەرەکە پارێزراو نەبێت، دەستگەیشتن و گەشتکردن پارێزراو نییە و دەتوانرێت ڕێگایەک بێت بۆ تووشبوون بە بەرنامەی مەترسیدار.
- زۆرێک لە وێبگەڕەکان ئامرازی بازرگانین بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و بەدواداچوونی زانیاری و بەئامانجکردن بۆ مەبەستی بازاڕکردن.
- وێبگەری پارێزراو بەکاربهێنە، وەکو تۆر، فایەرفۆکس، بریڤ، فایەرفۆکس فۆکەس، Ghostery Dawn و DuckDuckGo ؛ وە بە بەردەوامی نەرمەکاڵای وێبگەڕەکەت نوێ بکەرەوە.
- پێش زیادکردنی بۆ وێبگەڕەکەت سەلامەتی زیادکراوەکان/درێژکراوەکانی Add-ons وێبگەڕەکە بپشکنە.

بۆ زانیاری زیاتر سەیری بەشی پێنجەم بکە لە خوارەوە.

## ئامۆژگاری شەشەم: دامەزراندنی تۆڕێکی تایبەتی گریمانەیی(VPN)

•زاراوەی VPN بە واتای "تۆڕی تایبەتی گریمانەیی" دێت - خزمەتگوزارییەکە کە پەیوەندی ئینتەرنێتی بەکارهێنەر و نهێنی ئۆنلاین دەپارێزێت بە دروستکردنی تونێلێکی بەکۆدکراو بۆ زانیارییەکانی بەکارهێنەر و داپۆشینی ناونیشانی ئایپی IP بەکارهێنەر. ڕێگە بە بەکارهێنانی پارێزراوی وایفای گشتی دەدات. بەبێ بەکارهێنانی VPN بۆ سەلامەتی، ئامێرەکان و شوێنەکانیان لەوانەیە بەدواداچوونیان بۆ بکرێت یان زانیارییەکن بگیرێن.

VPNەکەت بە وردی هەڵبژێرە. خزمەتگوزاری بێبەرامبەر و پارەدار هەیە کە بەرنامەی مەترسیداری تێدایە، یان هەندێکی زانیاری بەکارهێنەران دەفرۆشێت بە لایەنی سێیەم، یان هاوکاری حکومەتەکان دەکات بۆ پێدانی زانیاری بەکارهێنەران.

ئەو VPN انەی کە لە کاتی بڵاوکردنەوەی ئەم ڕێبەرە بە پارێزراو دادەنرێت بریتین لە Psiphon ، TunnalBear، یان.Riseup VPN

بۆ زانیاری زیاتر سەیری بەشی پێنجەم بکە لە خوارەوە.

## ئامۆژگاری حەوتەم: بەکارهێنانی نەرمەکاڵا و بەرنامە سەلامەت و سەرچاوە کراوەکان

- نەرمەکاڵا و بەرنامەکانی "سەرچاوە کراوە" بە گشتی پارێزراوترن لە نەرمەکاڵا قۆرخکارییەکان، چونکە کۆدی سەرچاوەی خۆیان بۆ بەکارهێنەران دەخەنەڕوو. پاشان ئەم کۆدە سەرچاوەیە بەردەوام نوێ دەکرێتەوە بۆ چارەسەرکردنی لاوازییەکانی تایبەت بە بواری سەلامەتی
- بەکارهێنانی نەرمەکاڵا و بەرنامە سەرچاوە کراوەکان ڕێگری دەکەن لە بەکارهێنەران لە بەکارهێنانی نەرمەکاڵای خاوەندارێتی دزراو بەبێ مۆڵەت. لەوانەیە نەرمەکاڵا دزراوەکان

- پێکهاتەی زیانبەخشی تێدابێت کە زیان بە ئامێرەکان دەگەیەنن و هەرگیز نابێت بەکاربهێنرێن.
- بزانە هەموو نەرمەکاڵا سەرچاوە کراوەکان سەلامەت نین: هەمیشە پێش دامەزراندنی نەرمەکاڵا یان بەرنامەی نوێ ئامۆژگارییەکانی پسپۆڕانی بواری سەلامەتی دیجیتاڵی لەبەرچاو بگرە.

**ئامۆژگاری هەشتەم: ئەپ و نەرمەکاڵاکان تەنها لە فرۆشگا ناسراوەکانی ئەپەکان دابەزێنە**

فرۆشگا نەناسراوەکان، دەیان ئەپیان تێدایە کە تووشبوونە بە بەرنامە مەترسیدارەکان و دەرگای پشتەوەی لەئامێری قوربانی دەکەنەوە و هاوکات رێگەدەدات بەرنامە مەترسیدارەکان توانای بەڕێوەبردن و کۆنترۆڵکردنی ئامێرەکان بە دروستکەر ببەخشێت.

تەنها فرۆشگای ئەپی ناسراو و سایتە فەرمییەکانی ئەپ بەکاربهێنە بۆ دابەزاندن

**ئامۆژگاری نۆیەم: کۆمپیوتەر و مۆبایلەکان بەکۆد بکە**

- بەکۆدکردنی نهێنی دابین دەکات کە پێویستە بۆ ئاسایشی زانیاری
- بەکارهێنانی بەکۆدکردن بۆ ناردنی پەیامی بەکۆدکراو، هەڵگرتنی زانیاری بە شێوەیەکی پارێزراو، گەڕان بەناو ئینتەرنێتدا بەبێ ئەوەی ناوت دەربکەوێت و هاوبەشکردنی زانیاری بە شێوەیەکی پارێزراوتر .

بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە ئامرازەکانی کۆدکردن سەیری بەشی ٦ بکە.

**ئامۆژگاری ١٠ Back up: داتاکانتان بکەن**

- Back up کردن وەک ئەوە وایە زانیاری بەنرخ لە شوێنێکی سەلامەتدا هەڵبگریت بۆ ئەوەی بتوانرێت بگەڕێنرێتەوە ئەگەر داتای ئەسڵی لەدەستچوو، تێکچوو یان هاککرا.

- بە دەست ئەو سوودمەندیەی Back up کە لەگەڵ سیستەمی کارپێکردنەکەدا دابینکراوە چالاک بکە) یان ویندۆز یان (macOS و دڵنیابە لە تەواوکردنی Back up ەکە.
- Back upی زانیارییە هەڵگیراوەکان بەکۆد بکە.
- Back upیان لەسەر هاردێکی دەرەکی یان لە ڕێگەی خزمەتگوزاری هەوری هەڵبگرە، بۆ نموونە مێگا.

بۆ زانیاری زیاتر سەیری بەشی ﭘﻪشەم بکە.

# 03

# دروستکردنی وشەی نهێنی بەهێزو کاراکردنی چونەژوورەوە بەدوو هەنگاو



# دروستکردنی وشەی نهێنی بەهێزو کاراکردنی چونەژوورەوە بەدوو هەنگاو

## وشەی نهێنی بەهێز

وشە نهێنییە بەهێزەکان هەڵدەستن بە دەستەبەرکردنی بناغەی پاراستنی دیجیتاڵی. هێزو توانایان ڕێگەیان پێدەدات کە بەرگەی چەندین هێرش بگرن کە وشە نهێنییەکان بە ئامانج دەگرن، لەناویشیاندا پرۆگرامی ڕاوکردن phishing (کە بریتییە لە کردارەکانی بەدەستهێنانی زانیاری دارایی یان نهێنی لە بەکارهێنەرانی ئینتەرنێتەوە)، پرۆگرامی keyloggers ( کە ئەمەش بریتییە لە پرۆگرامێکی کۆمپیوتەری کە هەموو پەنجەپێنانەکانی سەر کیبۆردی کۆمپیوتەرەکە تۆماردەکات لە لایەن بەکارهێنەرەوە بۆ مەبەستی زانینی وشەی نهێنییەکان و زانیارییە نهێنییەکانی تر)، هەروەها لەگەڵ هێرشەکانی تر کە ئامانجی پچڕینی داتا یاخود زانیارییە یان بەدەستهێنانی مافی چوونەژوورەوەی ڕێگەپێنەدراو بۆ نێو هەژمارە پارێزراوەکان یان داتاکان.[1]

باشترین بەرگری لە دژی ئەم هێرشانە بریتییە لەوەی ڕێگرییان لێبکرێت لە ڕێگەی دروستکردنی وشەی نهێنی بەهێزەوەو بەشێوەیەکی ڕێکوپێک بیانگۆڕیت.

وشە نهێنی بەهێز بریتییە لە :

١ . درێژ: زیاتر لە ١٢ کارەکتەر بێت. هەرچی کورت تر بێت ئەوا دەتوانرێت خێراتر بناسرێتەوە .

٢ . ئاڵۆز: پیتە گەورەو بچووک و ژمارەو هێماکان بەکاربهێنە.

[1] Attacks aimed at revealing passwords include man-in-the-middle (MITM), brute force and dictionary attacks, and credential stuffing. To learn more about common password attacks, see Password Cracking 101: Attacks & Defenses Explained.

٣ . هەڕەمەکی: دووربکەرەوە لە بەکارهێنانی ژمارەکان و پیتەکان بەشێوازی زنجیرەیی یان بەکارهێنانی زانیاری کەسی یان خێزانی. دووربکەرەوە لە بەکارهێنانی بەروارەکانی لەدایکبوون، ناوی ئەندامانی خێزان یان ئاژەڵانی ماڵی.

4 . ئاسان بۆ وەبیرهێنانەوە: لەبیرکردنی وشە نهێنییەکان بە بازنەیەک لە گەڕانەوەی پاسوەردەکە دەست پێ دەکات کە پێویستی بە زانیاری زیاترە. (لەخوارەوە)، بەڕێوەبەری وشەی نهێنی بەکاربهێنە ئەگەر وەبیرهێنانەوەی وشە نهێنییەکان ئاڵۆزە بۆت.

5. نهێنیبوون: دروستکردن و پاشەکەوتکردنی وشەی نهێنی تەنها لە شوێنی سەلامەتدا دەبێت. شوێنە ناپارێزراوەکان بریتین لە دانانی بەشێوەی ڕاستەوخۆ لە ناو وێبگەڕ، نووسینی لەناو ئەپی تێبینییەکانی مۆبایل، ئەپی بیرخستنەوەی تەلەفۆن، تێبینییە چەسپاوەکان لەسەر کۆمپیوتەر، یان ناو دەفتەر/کارنامە. ئەم شوێنانە سەلامەت نین، چونکە دەستگەیشتنیان ئاسانە.

٦ . دانسقە: هەموو هەژمارێک یان خزمەتگوزارییەک دەبێت وشەی نهێنی خۆی هەبێت. دۆزینەوەی وشەی نهێنی هەژمارێک وا دەکات کە هەژمارەکانی تر بکەونە مەترسییەوە ئەگەر هەمان وشەی نهینی بەکاربهێنن.

٧ . ناوبەناو بگۆڕدرێت: ماوە بۆ ماوەیەک دەبێت وشەی نهێنی دەبێت بگوڕدرێت، گۆڕینی پشت دەبەستێت بە ئاستی مەترسییەکان، کە ڕووبەڕووی هەر بەکارهێنەرێک دەبێتەوە. لە بارودۆخە ئاساییەکاندا ئەوە پەسەندکراوە کە وشە نهێنییەکان دەبێت هەموو سێ مانگ جارێک بگۆڕدرێن. کاتێک وشەیەکی نهێنی دەگۆڕدرێت، ئەوا بەکارهێنەرەکە دەبێت بە تەواوی لە ئەو ئەپلیکەشنە یان خزمەتگوزارییە دەربچێت لەسەر هەموو ئامێرەکان.

٨ . ئەسڵی: شێوە باوەکانی داگرتنی کیبۆرد بەکارمەهێنە نموونەش بۆ ئەمانە بریتییە لە "Qwerty12345" یان "Password123".

دەتوانرێت وشەی نهێنی لە یادگەی کاتی Cache هەڵبگیرێت یان لە بەرنامەکانی بەڕێوەبردنی وشەی نهێنیدا password managers. ئەم Cache دروستکەری بەهێزی وشەی نهێنین، و دەتوانرێت ژمارەیەکی زۆر وشەی نهێنی تێدا هەڵبگیرێت.

بەرنامەکانی بەڕێوەبەری وشەی نهێنی password managers کە لە کاتی بڵاوکردنەوەی ئەم ڕێبەرە بە پارێزراو دادەنرێت بریتین لە:

- [KeePassXC](KeePassXC)
- [Bitwarden](Bitwarden)

### ڕەسەنایەتی فرە فاکتەری Multi-factor authentication (MFA)

چالاککردنی ڕەسەنایەتی فرە فاکتەری (MFA) لەسەر هەژمارەکان، پارێزگارییەکی بەهێز لە دژی هاککردن و ڕاوکردن دابین دەکات. ڕەسەنایەتی فرە فاکتەری (MFA) تایبەتمەندییەکی زیادەیە کە داوا لەبەکارهێنەران دەکات پاسکۆدێکی یەکجار بەکارهێنراو دابنێن کە دوای داخڵکردنی وشەی نهێنی ئاسایی خزمەتگوزارییەکە داوای دەکات. ئەم ئەم کۆدە نهێنییە یەکجار بەکارهاتووە لە ڕێگەی کورتەنامە یان ئیمەیڵ بۆ بەکارهێنەر دەنێردرێت، یان لە ڕێگەی بەرنامەیەکی دیاریکراوی ڕەسەنایەتییەوە دەستی پێدەگات.

زۆرێک لە بەکارهێنەران ئەم تایبەتمەندییە لە ڕێگەی کورتەنامەی لە سەر مۆبایلەکانیاندا چالاک دەکەن. بەڵام بەکارهێنانی ڕەسەنایەتی فرە فاکتەری لەسەر بنەمای کورتەنامە مەترسی زیاتری هەیە لە عێراقدا، ئەمەش بەهۆی ئەو لاوازییانەی کە بۆ هێرشکردنە سەر سیمکارتەکان بەکاردەهێنرێن (کە پێی دەوترێت هێرشی "Simjacker "[2]).

[2] بە پێی ڕاپۆرتێک کە لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠١٩ بڵاوکراوەتەوە، عێراق لە نێوان لیستی ئەو ٢٩ وڵاتەدایە کە تێیدا کە بەشەکانی تیلۆکۆمینیکەیشن زیانی زۆری بەرکەوتووە لە ناڕوونییەکەوە کە خاڵە لاوازەکان زیاد دەکات بۆ هێرشەکانی Simjacker. هەندێک لە سیم کارتەکان بەرنامەیەکی جافا ئەپڵێتیان لەخۆگرتووە کە پێشتر دابەزێنراوەو پێی دەوترێت S@T Browser کە ئەگەر بەشێوەیەکی ناڕاست ڕێکبخرێت، ئەوا ئەو کات دەتوانیت سیم کارتەکە بکاتەوە بۆ فرمانە خراپەکان لە هێرشکەرانەوە، کەسانی ساختەکارەوە ویان پشکنەرانەوە کە خوازیارن بڕۆنە نێو ناوەڕۆکی مۆبایلی بەکارهێنەرەوە. بنواڕەZDNet ، ئەمە ئەو ٢٩ وڵاتەیە کە شیاون بۆ هێرشەکانی سیم جاکەر، ١١ ی ئۆکتۆبەری٢٠١٩، کە بەردەستە لێرە:
https://www.zdnet.com/article/these-are-the-29-countries-vulnerable-to-simjacker-attacks

باشترین ڕێگا بۆ کاراکردنەوەی چوونەژوورەوە بە دوو هەنگاوی بریتییە لەوەی لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەپێکی دەرەکییەوە کارای بکەیت.

ئەم ئەپلیکەشنانەی لای خوارەوە بە سەلامەت لەقەڵەم دەدرێن لە کاتی بڵاوکردنەوەی ئەم ڕێبەرەدا:

1. Duo Mobile
2. Aegis Authenticator (for Android only)
3. Google Authenticator (iOS or Android)

# 04

## لەناوبردنی بەرنامە مەترسیدارەکان
## Malware



## بەرنامە مەترسیدارەکان چین؟

### بەرنامە مەترسیدارەکان (ماڵوێر) چییە؟

بەرنامە مەترسیدارەکان یان "ماڵوێر" زاراوەیەکە باسی پرۆگرامێک دەکات کە دیزاینکراوە بۆ مەبەستەکانی زیانگەیاندن، قۆرخکردن یان لەکارخستنی ئامێرەکان و سیستەمەکانی کارپێکردن و تۆڕەکان. "ماڵوێر" بەکاردەهێنرێت بۆ دزینی زانیاری، بەدەستهێنانی چوونەژوورەوەی ڕێگەپێنەدراو، لەکارخستنی هەندێک یان هەموو کردارەکان و زیانگەیاندن بە ئامێرەکان و هەر تۆڕێکی پەیوەندیدار.

"ڤایرۆسەکان" تەنها بەشێکی کەمی خێزانی پرۆگرامە خراپەکان پێکدەهێنن، لە کاتێکدا جۆرەکانی تری "ماڵوێر" کە تەنانەت زیانبەخشترن دەکرێت دزەبکەنە نێو ئامێرەکان و لە ماوەی بەکارهێنانی ئینتەرنێتدا تووشیان بکەن.

پرۆسەی نەهێشتنی بەرنامە مەترسیدارەکان "ماڵوێر" پێویستی بە کۆمەڵێک هەنگاوی بەردەوامی ڕێگەلێگرتن هەیە. دروستکردنی بەربەست بۆ تووشبوون و خۆخزانە نێو لە لایەن پرۆگرامی خراپەوە ڕێگە بە بەکارهێنەران دەدات بۆ نەهێشتنی هەڕەشەکان پێش ئەوەی بڕۆنە نێو ئامێرکانیانەوە.

زۆر جۆری بەرنامە مەترسیدار malicious software هەیە لەوانە :- ترۆجان Trojan، کرمەکان worms ، بەرنامەکانی بەبارمتەگرتن ransomware، ئادوێر adware، بەرنامەی سیخوڕی spyware و ئەوانی تر.



## چۆن ئامێرەکان بپارێزین لە بەرنامە مەترسیدارەکان (ماڵوێر)

ئەم هەنگاوانەی لای خوارەوە دەبێت جێبەجێ بکرێت بۆ پاراستنی ئامێرەکان لە بەرنامە مەترسیدارەکان:

1. دابەزاندنی بەرنامەی وەڵامدانەوەو پشکنینی خاڵی کۆتایی متمانە پێکراو (EDR) کە لە سەر هەموو سیستەمێک کاردەکات لەسەر (ویندۆز، ماک، لینوکس، iOS و سیستەمەکانی ئەندرۆید) لەناویشیاندا هەموو کۆمپیوتەرو مۆبایلەکان. ئاگاداری ئەوە بە کە دەبێت یەک پرۆگرامی (EDR) دابەزێنرێت.
2. پرۆگرام و ئەپەکان تەنها لە وێب سایتە فەرمییەکانیانەوە دابگرە.
3. بەشێوەیەکی ڕێکوپێک ئەپدەیتی سیستەمەکانی کارپێکردن و بەرنامەو ئاپەکانی سەر ئامێرەکان بکە.
4. دووربکەورەوە لە بەکارهێنانی تۆڕە گشتییەکانی یان ناسەلامەتەکانی و ایفای بەبێ پارێزگاری شیاو (وەکو VPN)
5. کلیک لەسەر هەموو لینکێک مەکە کە لەکەسانی نامۆ یان لەڕێگەی ئیمەیڵە گوماناوییەکان یان ئەو نامانەی لە کەسانی ناسراوەوە پێتدەگەن.
6. دووربکەورەوە لە هاوبەشی کردنی زانیاری کەسی.
7. ویبگەڕێکی سەلامەت بەکاربهێنە لە کاتی گەڕان بە نێو ئینتەرنێتدا.
8. زیادە پەسەندکراوەکانی add-ons سەر ویبگەڕ کە پێشتر ئاماژەمان پێدا دابەزێنە بۆ ویبگەڕەکەت.

دوو پرۆگرامە (EDR) کە بە سەلامەت لەقەڵەم دەدرێت لە کاتی بڵاوکردنەوەی ئەم ڕێبەرەدا (هەردوو ڤێرژنی بێ بەرامبەرو بە پارەی هەیە) بریتین لە ماڵوێر بایتس Malwarebytes و ئەفیرا Avira .






**05**

# گەڕانی سەلامەت بەناو ئینتەرنتدا



# گەڕانی سەلامەت بەناو ئینتەرنتدا

مەترسییەکانی سەر بەکارهێنەران کاتێک دەست پێدەکات کە کۆمپیوتەرێک یان مۆبایلێک بە ئینتەرنێتەوە ببەسترێتەوە و بەکارهێنەرەکە دەست دەکات بە گەڕان یان پەیوەندیکردن لەگەڵ کەسانی دیکە.

بۆ زیادکردنی ئاستی سەلامەتی، ئامرازی پارێزراو بۆ گەیشتن بە ئینتەرنێت بەکاربهێنە. ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ ڕێگریکردن لە دابینکەرانی خزمەتگوزاری و دەسەڵاتداران و هاکەرەکان لە چاودێریکردنی چالاکییەکانی بەکارهێنەران.

**راوتەرەکەت بپارێزە**

هەنگاوی یەکەم بریتییە لە پاراستنی خاڵی گەیشتن بەئینتەرنت کە ئەویش وایفایماڵەوە یان شوێنی کارەکردنە، ئەمیش بە گۆڕینی ڕێکخستنەکانی راوتەرەکە دەبێت. ئەگەر ئەم هەنگاوانە نامۆبوون داوای یارمەتی تەکنیکی بکەن لەکەسانی شارەزا[3].

1 .گۆڕینی ناوی بەکارهێنەر و وشەی نهێنی بۆ ئەکاونتی بەڕێوەبەری ڕاوتەر.

2 .ئایپی IP ناونیشانی ڕاوتەرەکە بگۆڕە.

3 .وشەی نهێنی بەهێز و تایبەت بەکاربهێنە بۆ تۆڕی وایفایەکەت.

4 .ڕێکخستنەکانی بەکۆدکردن ڕێکبخە و WPA2-PSK (AES) هەڵبژێرە

5 .فیرموێری راوتەرەکە نوێ بکەرەوە.

6. شاردنەوەی ناوی تۆڕی وایفایەکە.

[3] بۆ بەدەستهێنانی زانیاری لەبارەی هەنگاوەکانی ڕێکخستنەوەی ئامێری ڕاوتەرەکەت سەردانی پرۆژەی Security in a Box بکە "الحماية من البرامج الضارة: تأمين جهاز التوجيه الخاص بك،" لێرە بەردەستە : https://securityinabox.org/en/phones-and-/computers/malware

## بەکارهێنانی خاڵەکانی پەیوەندی وای فای گشتی

تۆڕەکانی وای فای گشتی (لە کافێ، دوکان، ناوەندی بازرگانی، هۆتێل، فرۆکەخانە، گواستنەوەی گشتی، چێشتخانەکان و هتد) لە سەلامەتیدا لاوازن و دەتوانن مەترسی جددی لەسەر بەکارهێنەر دروست بکەن، لەوانە:

**1 .هەڕەشەی دۆزینەوەی پاکێجەکان:** هێرشبەران (هاکەرەکان) چاودێری و ڕێگریدەکەن لە زانیارییە بەکۆدنەکراوە نێردراوەکان یان وەرگیراوەکان کە لە ڕێگەی تۆڕە نەپارێزراوەکانەوە دەگوازرێنەوە.

**2 -هێرشی پیاوێک لە ناوەڕاستدا:** هێرشبەران دزە دەکەنە ناو وایفایە لاوازەکە بۆ ئەوەی بەشێک بن لە پەیوەندییەکانی نێوان قوربانی بەئامانجکراوو ڕاوتەرەکە، ئامانج لەمە ڕێگریکردن و هەندێکجار دەستکاریکردنی زانیارییەکانە لە کاتی گواستنەوەدا.

**3. تۆڕە هەڵخەڵەتێنەرەکانی وایفای:** هێرشبەران خاڵێکی پەیوەندی وایفای گشتی بەخۆڕایی و کراوە دروست دەکەن و دایاندەنێت بۆ پەیوەندیکردن، ئەمەش وایکردووە ببێتە ناوەندێک بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکانی بەکارهێنەر.

## خۆت بپارێزە لەکاتی بەکارهێنانی وایفای گشتی

بۆ پاراستنی زانیاری کەسی لە هێرشبەران لەکاتی بەکارهێنانی وایفای شوێنە گشتیەکان، ئەم ڕێنماییانە جێبەجێ بکە:

- هەتا دەتوانیت دوور بگرە لە بەکارهێنانی Hotspot مۆبایلی نەناسراو/ناپارێزراو یان ئینتەرنێتی وایفای گشتی.
- ئەگەر تۆڕێکی وایفای گشتی بەکاردەهێنیت، دڵنیابە پێش چوونەژوورەوە بۆ هەر ئەکاونتێک، چوونەژورەوە بەدوو هەنگاو بۆ هەژمارەکان چالاک بکە.

- دیواری ئاگر بەکاربهێنە. زۆربەی سیستەمەکانی کارپێکردن ئەم خزمەتگوزارییە لەخۆدەگرن، هەروەها نەرمەکاڵای دژە بەرنامەی زیانبەخش ئەم خزمەتگوزارییە لەخۆ دەگرن، هاوکات دۆزینەوەی خاڵی کۆتایی و وەڵامدانەوەی. ئەو بەرنامانەی کە لە کاتی ئامادەکردنی ئەم ڕێبەرە بە سەلامەت دادەنرێت بریتین لە:
    - [Avira](#)
    - [Comodo](#)
    - [GlassWire](#)
- خزمەتگوزاری (VPN) بەکاربهێنە بۆ بەکۆدکردنی پەیوندیت بە ئینتەرنێتەوەو هێشتنەوەی چالاکییەت بە تایبەتی لەناو هەر تۆڕێکدا. ئەو VPN)) انەی کە لە کاتی بڵاوکردنەوەدا ئەم ڕێبەرە بە پارێزراو دادەنرێت بریتین لە:
    - [Psiphon](#)
    - [TunnelBear](#)
    - [Riseup](#)

**وێبگەڕی پارێزراو بەکاربهێنە**

وێبگەڕەکان دەروازەی سەرەکین بۆ گەیشتن بە ئینتەرنێت، و بەم شێوەیە ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە ئاسایشی ئینتەرنت. زۆر گرنگە وێبگەڕێکی پارێزراو هەڵبژێریت بۆ پاراستنت لە دزین یان پێشێلکردنی نهێنی زانیارییەکانت (تایبەتمەندێتی).

ئەو وێبگەڕانەی لە کاتی بڵاوکردنەوەی ئەم ڕێبەرە بە پارێزراو دادەنرێت بریتین لە:

وێبگەڕی تۆر (لە کۆمپیوتەر و مۆبایلەکانی ئەندرۆید بەردەستە) یەکێکە لە باشترین وێبگەڕەکان کە سەلامەتی و نهێنی و نەناسراوی دەپارێزێت. ئەو چالاکوان و ڕۆژنامەنووسانەی لە ژینگەیەکی مەترسیدار وەک عێراق کاردەکەن، ، گرنگە بەهۆی پلەی بەرزی سەلامەتی و نهێنیبوون و نەناسراوی وێبگەڕی تۆر بەکاربهێنن.

ئەو وێبگەڕانەی تر کە لە کاتی بڵاوکردنەوەی ئەم ڕێبەرە بە پارێزراو دادەنرێت بریتین لە:

- FireFox
- Brave
- Ghostery Dawn
- DuckDuckGo
- Firefox Focus

بۆ زانیاری زیاتر لەسەر لایەنە باش و خراپەکانی وێبگەڕە جیاوازەکان، سەیری ئەو ڕێنماییە بکەن کە لەلایەن دامەزراوەی ئازادی ڕۆژنامەگەرییەوە Freedom of the Press Foundation بڵاوکراوەتەوە، لێرەدا بەردەستە.



**ئامرازی گەڕانی سەلامەت بەکاربهێنە**

هەروەها گەڕانەکان دەبێت بە بەکارهێنانی ئامرازی گەڕانی پارێزراو و پاراستنی نهێنی ئەنجام بدرێن. زۆرێک لە ئامرازە بەناوبانگەکانی گەڕان، لەوانە گووگڵ Google ، بینگ Bing ، ئەمازۆن Amazon و یاندێکس Yandex ، لەگەڵ ستانداردەکانی پاراستنی نهێنیدا ناگونجێن.

ئەم ئامرازانەی گەڕان، لە کاتی بڵاوکردنەوەی ئەم ڕێبەرە ئاسایش و نهێنی زیاتر دابین دەکەن:

- DuckDuckGo
- Qwant
- StartPage

**دریژکراوە / زیادکراوەکانی سەلامەتی extensions/add-ons وێبگەڕ بەکاربهێنە**

درێژکراوەکانی وێبگەڕ، یان "زیادکراوەکان"، کارایی بەرنامەیەک درێژ دەکەنەوە بەسەر بەرنامەیەکی دیکەی وەک وێبگەڕێکدا. زیادکراوەکان بەزۆری وەشانی تەواوی نەرمەکاڵا نین بەڵکو پارچە کۆدەکانن کە دەستکاری رووکارێکی دیاریکراو دەکەن. بەناوبانگترین زیادکراوەکان بۆ وێبگەڕەکان بریتین لە ئامرازەکان کە کورتکراوەی خێرا بۆ خزمەتگوزارییە ئۆنلاینەکان بۆ بەکارهێنەران دابین دەکەن.

تاکە زیادکراو یان درێژکراوەی وێبگەڕ کە پێویستە دایبەزێنیت ئەوانەن کە ئاسایش و نهێنی بەکارهێنەر زیاد دەکەن.

لە کاتی بڵاوکردنەوەی ئەم رێبەرە، ئەم درێژکراوانەی خوارەوە ئاسایشی بەرزتر بە بەکارهێنەران دەبەخشن:

- HTTPS Everywhere
- Virus Total
- Ghostery
- Malwarebytes
- Cookie AutoDelete
- NoScript
- Privacy Badger



# 06

## هەموو شتێک لەبارەی بەکۆدکردنەوە



# هەموو شتێک لەبارەی بەکۆدکردنەوە

### "بەکۆدکردن" (تشفیر/encryption ) چییە؟

لە بنەڕەتدا بەکۆدکردن، بریتییە لە پرۆسەی گۆڕینی زانیارییەکان لە فۆرمێکی خوێنەرەوەوە بۆ فۆرمێکی نەخوێندراوە کە وەک کۆد دەردەکەوێت و تەنها ئەو کەسە دەتوانێت بیکاتەوە کە پرۆسەکەی ئەنجامداوە و قوفڵێکی نهێنی یان وشەی تێپەڕی نهێنی لەسەر داناوە .

### "بەکۆدکردن)" تشفیر (encryption /شەش سوودی هەیە:

- یارمەتی پاراستنی یەکپارچەیی و نهێنی زانیارییەکان دەدات.
- یارمەتی ڕێکخراوەکان دەدات پابەندبن بە ڕێساکانی پاراستنی نهێنی و ئاسایش.
- داتاکان دەپارێزێت لەکاتی گەشتکردنیان بەناو ئامێرەکاندا.
- یارمەتی ڕێکخراوەکان دەدات بۆ پاراستنی ئاسایشی ئۆفیسەکانیان.
- پارێزگاری لە خاوەندارێتی فیکری دەکات.
- زانیارییەکان لەکاتی گواستنەوەیان بۆناو " خزمەتگوزارییە هەورییەکان " Cloud services دەپارێزێت.

### دەتوانرێت بەکۆدکردن بەکاربهێنرێت بۆ:

1 .پاشەکەوتکردنی وێنە و ڤیدیۆ و زانیارییەکان لەناو ئامێرەکان.

2 .هاوبەشکردنی فایل و بەڵگەنامەکان.

3 .ناردنی ئیمەیڵی تایبەت.

4 .هەڵگرتنی فایلەکان بە بەکارهێنانی خزمەتگوزارییە هەورییەکان.

5. پەیوەندیکردن لە ڕێگەی نامە یان پەیوەندییەوە.

### بە سەلامەت پەیوەندی بکە

### "پەیوەندی پارێزراو" چییە؟

پەیوەندی پارێزراو، بریتییە لە پرۆسەی بەکۆدکردنی پەیوەندییەکانی بەکارهێنەر بە بەکارهێنانی یەکێک یان چەند پرۆتۆکۆڵێکی ئاسایش بۆ دڵنیابوون لەوەی کە زانیارییەکان لە نێوان نێرەر و وەرگردا دەڕوات بەبێ ئەوەی لایەنی سێیەم دەستی بەناوەڕۆکی پەیوەندییەکە بگات. بەکۆدکردن دەقی سادە دەگۆڕێت بۆ جۆرێک لە کۆدی نهێنی کە کەسانی تر ناتوانن بیخوێننەوە، تەنانەت ئەگەر پێش ئەوەی بگاتە ئەو کەسانەی کە مەبەستیان لێیەتی و دەستی بەسەردا بگرن ئەوا هەر

ناتوانن بیخوێننەوە، چونکە تەنها ئامێری کەسەکان نێرەر و وەرگر کە هەر یەکەو دوو کلیلیان هەیە (گشتی و تایبەتی) لەسەر یەک ئامێر توانای ئەوەی دەبێت دەقە بەکۆدکراوەکە بگۆڕێت بۆ دەقێکی سادە.

ئەگەر پەیوەندییەکە بەکۆد نەکرابێت، حکومەتەکان، گروپەکان و کەسانی خاوەن پێشینەی تەکنیکی دەتوانن گوێ لە پەیوەندییەکە بگرن یان بیخوێننەوەو دەستیان بگاتە ناوەڕۆکەکەی و بیبرن و دەستکارییان بکەن، بەرنامەی زیانبەخش دابنێن و دەرگای پشتەوە لەناو سیستەمەکەدا بکەنەوە بۆ گواستنەوەی زانیارییەکان لە ئامێرەکەوە بۆ ئامێرەکی تر.

**پێوەرەکانی سەلامەتی**

ئەم پێوەرانەی خوارەوە پێشنیار دەکرێن بۆ هەڵبژاردنی نەرمەکاڵا و بەرنامەکانی پەیوەندیکردن، بۆ دڵنیابوون لەوەی کە پەیوەندییەکان دوور بن لە گوێگرتن، سیخوڕیکردن و دەستڕاگەیشتن بە زانیارییە کەسییەکان بەبێ مۆڵەت.

- **پەیوەندی نێوان نێرەر و وەرگر دەبێت بەکۆد بکرێت**، بە بەکارهێنانی بەکۆدکردنی کۆتایی بۆ کۆتایی (E2EE)، بۆ ئەوەی نە کۆمپانیا و نە پێشکەشکاری خزمەتگوزاری نەتوانن دەستیان بە ناوەڕۆکی نامەکان بگات. پەیامەکان لەلایەن نێرەرەوە بە بەکۆدکراوی دەردەچن و بەکۆدکردنەکە ناکرێتەوە تاوەکو دەگاتە ئامێری وەرگر.

- **هیچ شوێنپێهەڵگرتنێک نییە**، واتە ئەو کۆمپانیایە کە ئەپەکەی بەرهەم هێناوە شوێنپێی زانیارییەکانی پەیوەندی ناکەوێت و زانیاری بەکارهێنەر کۆناکاتەوە. زۆربەی کۆمپانیا بازرگانییەکان زانیاری لەسەر بەکارهێنەر کۆدەکەنەوە و دەیفرۆشن بە کۆمپانیا یان وڵاتانی دیکە، وەک کۆمپانیاکانی ریکلام و بازاڕکردن.

- **بەرنامەکە یان نەرمەکاڵاکە دەبێت سەرچاوە کراوە بێت**، وەک لە سەرەوە باسمان کرد. نەرمەکاڵای سەرچاوە کراوە کۆدی بەرنامە و نەرمەکاڵا بۆ تەکنیکاران دابین دەکات بۆ هەڵسەنگاندن و دۆزینەوەی لاوازییەکان. هەروەها کۆدی سەرچاوە کراوە ڕێگە بە پێداچوونەوە دەدات کە ئایا بەرهەمهێنەرێک زانیاری و داتای بەکارهێنەر کۆدەکاتەوە یان نا.

- **نادیارکردن دەبێت بەردەست بێت**، واتە نەرمەکاڵا یان بەرنامەکە دەتوانێت زانیارییە کەسییەکانی بەکارهێنەر (ناو، ژمارەی تەلەفۆن، ئیمەیڵ، شوێنی جوگرافی، ناسنامەی ئامێر) بشارێتەوە تەنانەت لەکاتی ناردن و وەرگرتنی نامە، پەیوەندی دەنگی، و ناردن و وەرگرتنی هاوپێچەکان (لەوانەش doc و pdf و jpeg، mp3 و هتد).

زۆرێک لە بەکارهێنەران پرسیار دەکەن کە ئایا ئاپە بەناوبانگەکانی وەک فەیسبووک مەسنجەر و ڤایبەر و تێلیگرام و واتس ئەپ و چەندانی تر ئەو پێوەرانەی سەرەوەیان تێدایە؟ پێداچوونەوەی وەرزی بە ڕاپۆرتەکانی شەفافیەت کە لەلایەن کۆمپانیاکانەوە بەرهەم دەهێنرێت و

هەڵسەنگاندنەکان لەلایەن تەکنیکارانی ئاسایشەوە ئاماژە بەوە دەکەن کە بەداخەوە ئەم بەرنامانە پابەند نین بە هەندێک لەو پێوەرانەی سەرەوەو زۆری لەبەرچاو ناگرن.

## پێشنیارەکان بۆ بەرنامەکانی پەیوەندی پارێزراو

- :Wire ئەم بەرنامەیە ئەو پێوەرانەی سەرەوە بەدی دەهێنێت، لەگەڵ ڕووکارێکی بەکارهێنەری ئاسان. بۆ مۆبایل و کۆمپیوتەر بەردەستە. پێویست ناکات وەک بەرنامە یان ئەپێک دامەزرێت - دەتوانرێت لەناو وێبگەڕەکەدا وەک درێژکراوە بەکاربهێنرێت.
- :Signal Signal Private Messenger بە شێوەیەکی بەرفراوان وەک یەکێک لە پارێزراوترین ئەپەکان بۆ پاراستنی نهێنی سەیر دەکرێت و پابەندە بە هەموو ئەو پێوەرانەی سەرەوە جگە لە یەکێکیان نەبێت ئەویش شاراوەییە. سیگناڵ پێویستی بە ژمارەیەکی تەلەفۆن هەیە بۆ چالاککردن؛ بەڵام سیگناڵ شوێنپێی زانیارییەکان ناگرێت و زانیارییەکانی بەکارهێنەران کۆناکاتەوە.
- :Jitsi سەکۆیەکە بۆ دروستکردنی پەیوەندی یان ئەنجامدانی کۆبوونەوەی ئۆنلاین. باشییەکەی بە بەراورد بە نەرمەکاڵاکانی تری ئەنجامدانی کۆبوونەوە لەسەر بنەمای وێب، کەناڵێکی پەیوەندی بەکۆدکراو دروست دەکات، و نادیاربوون دەپارێزێت. پێویست ناکات ئەکاونت دروست بکەیت یان هیچ زانیارییەکی کەسی دابنێیت. بەکارهێنەران دەتوانن لە ڕێگەی وێبگەڕێکەوە سەردانی ماڵپەڕەکە بکەن و چاتێک بکەنەوە و بەستەرەکە لەگەڵ هەر کەسێکدا هاوبەش بکەن کە بیانەوێت بانگهێشتی چاتەکە بکەن. ئەپڵیکەیشنی جیتسی دەتوانرێت لەسەر کۆمپیوتەر و مۆبایل دابنرێت.
- :OnionShare بۆ ناردنی فایل و زانیاری گەورە یان هەستیار بۆ خەڵک، دامەزراوەکان یان ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، باشترین بژاردە ئەوەیە کە OnionShare بەکاربهێنیت. OnionShare تایبەتمەندی Onion Routing ی تۆڕی Tor بەکاردەهێنێت بۆ گواستنەوەی زانیاری، ئەمەش وایکردووە زۆر پارێزراو بێت و گونجاو بێت بۆ بەرگریکارانی مافی مرۆڤ. OnionShare ڕووکارێکی سادە و ئاسانی هەیە بۆ بەکارهێنان، لەگەڵ چەندین وەشانی بۆ سیستەمی کارپێکردنی ویندۆز و ماک و لینوکس. هەروەها بەرنامەکە پلاتفۆرمی چاتی لەخۆگرتووە کە پشتگیری لە بێناونیشان دەکات.

- Tresorit: هەروەها ئەم خزمەتگوزارییە زانیارییەکان لە کۆتاییەوە بۆ کۆتایی بەکۆد دەکات. ڕووکارێکی سادەی هەیە و لە کاتی گواستنەوەدا زانیارییەکان بە پارێزراوی و بەکۆدکراوی دەهێڵێتەوە.

## چۆنیەتی ناردنی ئیمەیڵی پارێزراو (بەکۆدکراو) بەPGP

باشترین ڕێگە بۆ دڵنیابوون لە ئاسایشی ئیمەیڵەکان ئەوەیە کە بە "PGP" بەکۆدیان بکەیت کە بە واتای "تایبەتمەندی زۆر باش" دێت. سیستەمێکی کۆدکردنە کە بەکاردێت بۆ ناردنی نامەی ئیمەیڵی بەکۆدکراو و بەکۆدکردنی فایلە هەستیارەکان PGP. نامەکانی ئیمەیڵ و هاوپێچەکانیان بەکۆد دەکات ئەمیش بۆ زیادکردنی نهێنی پەیوەندییەکان بە دروستکردنی جووتە کلیلی (تایبەت و گشتی) کە پێویستن بۆ "کردنەوەی" زانیارییەکان.

بەداخەوە، سیستەمی ئیمەیڵی باو کە پێیان دەوترێت "پارێزراو" بەکۆدکردنی تەواو لە کۆتاییەوە بۆ کۆتایی بەکارناهێنن، و بەم شێوەیە دەتوانن بەکارهێنەر بخەنە مەترسییەوە. شارەزایان هەمیشە پێشنیاری بەکارهێنانی بەکۆدکردنی PGP بۆ ئیمەیڵەکان دەکەن، هەروەها ProtonMail و Tutanota بژاردەیەکی نایاب و باشە.

تێبینی: PGP تەنها کاتێک دەتوانرێت بەکاربهێنرێت کە هەردوو نێرەر و وەرگر بەرنامە یان نەرمەکاڵای تایبەت بەکاربهێنن بۆ بەکۆدکردن و بەکۆدکردنەوەی نامەکان. زۆر بەرنامە و ئاپ هەن کە ستانداردی OpenPGP بەکاردەهێنن، بۆیە پێویست ناکات هەموو بەکارهێنەرێک بە تەواوی هەمان بەرنامە بەکاربهێنێت؛ بەڵام دەبێت "ئاڵوگۆڕی کلیل"ی تێدابێت. پێش ئەوەی هەوڵی ناردنی ئیمەیڵی بەکۆدکراو بدەیت، پەیوەندی لەگەڵ ئەوانی تر بکە بۆ دەستنیشانکردنی باشترین ڕێگا بۆ ئەنجامدانی پەیوەندییە پارێزراوەکان.

Mailvelope بەرنامەیەکی پێشنیار کراوە کە دەتوانرێت لەگەڵ دابینکەرانی وێبمەیڵی بەناوبانگی وەک Hotmail و Outlook و Gmail و Yahoo بەکاربهێنرێت. دەتوانرێت وەک درێژکراوەیەک بۆ وێبگەڕەکانی وەک گووگڵ کرۆم و فایەرفۆکس زیاد بکرێت. جووتە کلیلی گشتی-تایبەتی پێویست دروست دەکات، و پاشان کلیلی گشتی لەگەڵ بەکارهێنەرانی تردا هاوبەش دەکات بۆ زیادکردنی.

### ب. زانیارییەکان هەڵبگرە و بە شێوەیەکی پارێزراو ئەمباریان بکە

بەکارهێنەران نابێت تەنها ئەو زانیاریانە بەکۆد بکەنەوە کە لەگەڵ کەسانی تردا هاوبەشی دەکەن، بەڵکو دەبێت زانیارییە تایبەتەکانیان بەکۆد بکەن بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی پارێزراو هەڵیانبگرن. ئەم بەشە ڕێنمایی دەدات بۆ ئەو ڕێگا جیاوازانەی کە دەتوانرێت بەکۆدکردن بەکاربهێنرێت بۆ هەڵگرتنی زانیارییەکان لەسەر ئامێرەکانی بەکارهێنەر و لە خزمەتگوزارییە هەورییەکان Cloud services.

**وێنە و ڤیدیۆ و زانیارییەکان لە ئامێرێکدا هەڵبگرە:**

تێلا Tella نموونەی ئەپێکە کە یارمەتی پارێزراوی زیاتری زانیارییەکان دەدات. لەلایەن چالاکوانان، داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، میدیاکاران، و پسپۆڕانی کاری مرۆیی و بەڵگەنامەسازی بەکاردەهێنرێت. لە ئێستادا تەنها بۆ ئامێرەکانی ئەندرۆید بەردەستە، بەڵام وەشانی iOSلە قۆناغی پەرەپێداندایە.

-بەکارهێنانی ئاسانە، بە ڕووکارێکی سادە.

-بەکارهێنەران لە ڕێگەی "شێوازی نەخشەوە" ئەپەکە قفڵ دەکەن بە دروستکردنی شێوە.

-بەکارهێنەران دەتوانن ئایکۆنی بەرنامەکە بگۆڕن و بەم شێوەیە ناتوانرێت بناسرێتەوە.

تایبەتمەندی "سڕینەوەی خێرا"ی هەیە بۆ سڕینەوەی زانیارییەکان لە ئەگەری ئەوەی بەکارهێنەر مەترسی دزینی مۆبایلەکەی هەبێت.

- لە حاڵەتی مەترسی دەستبەجێدا دەتوانرێت بۆ هەمیشە ئەپلیکەیشنەکە بسڕدرێتەوە.

**بەکۆدکردن و هەڵگرتنی فایلەکان بە بەکارهێنانی خزمەتگوزارییە هەورییەکانCloud services:**

زۆر کەس فایلە هەستیارەکانیان لە ناو کۆمپیوتەر یان هاردی دەرەکی (بەبێ ئەوەی بەکۆدیان بکەنەوە) هەڵدەگرن، ئەمە کارێکی مەترسیدارە، چونکە ئەگەر دەستڕاگەیشتنی بێ مۆڵەت بە زانیارییەکان ڕوویدات، ئەوا دەتوانرێت زانیارییەکان بخوێنرێتەوە. هاوکات ئەگەر بەکۆدکردنێکی باش بەکارنەهێنرێت، ئەوا دەتوانرێت ئەم ئامێرانە هاک بکرێن و بەکۆدکردنەکە بشکێنرێت، یان تاکەکان دەتوانن بەکارهێنەر ناچار بکەن قفڵی بەکۆدکردنەکە بکەنەوە.

زۆر گرنگە زانیاری هەستیار لەسەر ئامێرەکان نەهێڵرێتەوە، چونکە ئەمە ڕەنگە بەکارهێنەر بخاتە مەترسییەوە هەم ئۆنلاین و هەم ئۆفلاین. هەڵگرتنی زانیارییەکان بە شێوەیەکی پارێزراو لە خزمەتگوزارییە هەورییەکان Cloud services دڵنیای دەدات لەوەی کە لایەنی سێیەمی بێ مۆڵەت ناتوانن دەستیان بە زانیارییە هەستیارەکان بگات. بەکارهێنەران پێویستە خۆیان لە بەجێهێشتنی شوێنەواری زانیاری لەسەر ئەو ئامێرانە بەدوور بگرن کە لەوانەیە کێشەی ئاسایش دروست بکەن.

" خزمەتگوزارییە هەورییەکان Cloud services " بریتین لە پلاتفۆرمی ژێرخانی یان نەرمەکاڵا کە لەلایەن دابینکەرانی لایەنی سێیەمەوە میوانداری دەکرێن و لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە دەخرێنە بەردەستی بەکارهێنەران. ئەم خزمەتگوزارییە هەورە پارێزراوانەی خوارەوە پێشنیار دەکرێن بۆ هەڵگرتنی زانیارییە هەستیارەکان بەبێ ئەوەی شوێنەواری فیزیکی بەجێبهێڵن:

- Mega
- pCloud

لەگەڵ ئەوەیشدا، تەنانەت لەکاتی بارکردنی زانیاری بۆ خزمەتگوزاری کلاود باشترین چارەسەر بۆ پاراستنی بەکۆدکردنێتی.

**بەرنامەکانی بەکۆدکردن:**

**VeraCrypt** : (لە کاتی بڵاوکردنەوەی ئەم ڕێبەرە)، ڤێراکریپت VeraCrypt بەرنامەیەکی پارێزراو و سەرچاوە کراوەیە کە زانیارییەکان بەکۆد دەکات و فایلەکان لە کۆمپیوتەری بەکارهێنەردا هەڵدەگرێت. بەکارهێنەر تەنها دەتوانێت بە کلیلێک سەیری زانیارییەکان بکات دوای بەکۆدکردنی. ڤێراکریپت دەتوانێت زانیاری و فایل و فۆڵدەرەکان بەکۆد بکات، هاوکات دەتوانێت تەواوی هاردە دەرەکییەکانی وەک فلاشەکانی USB، هارد دیسکی دەرەکی، یان بەشێک لە هاردەکان بەکۆد بکات. دەتوانرێت لەسەر سیستەمی ویندۆز و Mac و Linux بەکاربهێنرێت.

**07**

# سڕینەوەی زانیارییەکان بەشێوەی سەلامەت



## سڕینەوەی زانیارییەکان بەشێوەی سەلامەت

کاتێک بەکارهێنەرێک زانیارییەکانی کۆمپیوتەر، مۆبایلە زیرەکەکان، کامێرای دیجیتاڵی، یان ئامێرێکی تر "دەسڕێتەوە"، داتاکان بە شێوەیەکی فیزیکی لەناو ناچن. سڕینەوەی بە سادەیی داتاکان لە بەکارهێنەر "دەشارێتەوە" بەڵام لە ئامێرەکە نایسڕێتەوە.

ئەم بەشە باس لە چۆنیەتی سڕینەوەی زانیارییەکان دەکات بە شێوەیەکی پارێزراو و هەمیشەیی، هەروەها زاراوە بنەڕەتییەکانی پەیوەست بە پشکنینێکی دروست بۆ سڕینەوەی زانیارییەکان و چۆنیەتی ئەنجامدانی پرۆسەکە و ئەو بەرنامە و ئاپە سەلامەتانەی کە دەکرێت بۆ سڕینەوەی زانیارییەکان بەکاربهێنرێت بۆ ئەوەی نەتوانرێت جارێکی تر بەدەست بهێنرێتەوە.

زۆر گرنگە جیاوازییە بنەڕەتییەکانی نێوان زاراوەکان لەم بەشە تێبگەین:

**کوژاندنەوە یان ڕەشکردنەوەی زانیاری** — Delete

کوژاندنەوەو ڕەشکردنەوە : کاتێک شتێک لە ئامێرەکە "دەسڕدرێتەوە"، بە سادەیی "شاردراوەتەوە" نەک لە بوون لابرێت - دەتوانرێت وەربگیرێتەوە.

**سڕینەوەی زانیاری** — Erase

سڕینەوە: سڕینەوەی داتاکان وا دەکات لە ناو سیستەمی کارپێکردندا "ون" بن. زۆرجار بەکارهێنەران پێش سڕینەوە ئاگادارکردنەوەیەکی پێشوەختە وەردەگرن کە ناتوانرێت داتاکان وەربگیرێتەوە دوای سڕینەوەیان. لەبەر ئەوەی سیستەمی کارپێکردن ناتوانێت داتاکان ببینێت، هارد دیسکەکە بەتاڵ دەبێت کاتێک پێداچوونەوە بە ناوەڕۆکەکەی دەکرێت. دەتوانرێت داتاکان بە "لەگۆڕنان" یان بە "لەتوپەتکردن" بسڕدرێتەوە.

## Wipe — لەگۆڕانی زانیاری

کاتێک هاردێک یان ئامێرێکی تری هەڵگرتن بەپرۆسەی لەگۆڕنان دەسڕدرێتەوە، هەموو ئەو شتانەی کە ئێستا لەسەری دەسڕیتەوە، لەگەڵ هەر شتێک کە پێشتر سڕیوتەتەوە کە ڕەنگە هێشتا لەوێ بێت بۆ هەتاهەتایە لەگۆڕدەنرێت.

## Shred — لەتوپەتکردنی زانیاری

کاتێک بەشە داتایەک لەتوپەت دەکەیت، بەزۆری یەک یان چەند فایلێک یان فۆڵدەرێک، هەموو ئەو شتانە دەسڕیتەوە کە هەڵتبژاردووە، و تەنها ئەو شتانە لەتوپەتدەکات.

بە واتایەکی تر:
ڕەشکردنەوە: "من بشارەوە، بەڵام من لێرە دەبم ئەگەر بەڕاستی بتەوێت بگەڕێمەوە"
سڕینەوە: "دڵنیای؟ جارێکی تر هەرگیز نامبینیتەوە!"
لەتوپەتکردن: "هەموو شتێک دەسڕمەوە"
لەگۆڕنان: "تەنها ئەمە و ئەو دەسڕمەوە"

**پرسیارە باوەکان :**

ئایا سڕینەوەی فایلەکان لە دەسکتۆپ و بەتاڵکردنەوەی زبڵدان بەو مانایەیە کە فایلەکان بە شێوەیەکی هەمیشەیی و نەگەڕاوە لە کۆمپیوتەر یان مۆبایلە زیرەکەکان لابراوە؟

**نەخێر.** سڕینەوەی داتا و بەتاڵکردنەوەی زبڵدان، بۆشاییەکە وەک "بەردەست" دیاری دەکات، تا ئەوکاتەی "شوێنی بەردەست" بە زانیاری نوێ دەنووسرێتەوە بەردەستە، بەڵام کە لەسەری نووسراو زانیاری تر تۆمارکرا، ئیدی گەڕانەوەی زانیارییەکان ئەستەمە.

**ئایا دووبارە فۆرماتکردنی هارد دیسک بۆ هەمیشە و بە شێوەیەکی نەگەڕاوە داتاکان لا دەبات؟**

نەخێر. دووبارە فۆرماتکردنەوە ڕێگەیەکی زۆر باشە بۆ "ڕەشکردنەوەی" داتاکان - نەک "لەتوپەتکردنی!" فۆرماتکردن دووبارە هەموو شوێنەکانی سەر ئامێرەکە "بەردەست" دەخاتەوەو وەک نوێ دەیخاتەوەڕوو، بەڵام هێشتا دەتوانرێت داتا بنەڕەتییەکان بگەڕێندرێنەوە تاوەکو ئەو کاتەی بە زانیاری نوێ لەسەریان نانووسرێتەوە. ئەمە پرۆسەیەکی قبوڵکراوە ئەگەر بەکارهێنەر خۆی پلانی دووبارە بەکارهێنانەوەی هاردیسکەکەی دابنێت، بەڵام زانیارییە هەستیارەکان بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی ناسڕێتەوە. تەکنیکەکانی گەڕانەوەی فایلە سڕاوەکان ڕۆژانە باشتر دەبن و دەتوانرێت چەندین جۆری فایلە "سڕاوەکان" (وێنە، بەڵگەنامە، ڤیدیۆ و هتد) وەربگیرێتەوە. سڕینەوە یان پارچە پارچەکردنی هاردیسکەکە دڵنیای دەدات لەوەی کە ئەو شوێنە "بەردەستە"ی کە بە سڕینەوەی سادە دروست دەبێت گۆڕدراوە، بەڵام هەر کە بتەوێت دەگەڕێتەوە، بەڵام کە لەسەرت نووسی ئەمە وا دەکات کە زانیارییە بنەڕەتییەکان نەگەڕێندرێنەوە .

یەکێک لە هەڵە باوەکانی بەکارهێنەرانی تەکنەلۆژیا لەعێراقدا فرۆشتنی ئامێرە بەکارهاتووەکانە بە لایەنێکی تر، بەبێ سڕینەوەی داتا بنەڕەتییەکان بە تەواوەتی. ئەمە چەندین کێشە و داوای یاسایی بەدوای خۆیدا هێناوە کاتێک ئەو زانیاریانەی کە بەکارهێنەری پێشوو پێی وابوو سڕاوەتەوە وەرگیراوەتەوە. باشترین ئامۆژگاری ئەوەیە کە ئامێرە بەکارهاتووەکان نەکرین و نەفرۆشینەوە.

## چۆنیەتی پاککردنەوەی ئامێرەکان:

بۆ پاککردنەوەی کۆمپیوتەرێک کە بەسیستەمی ویندۆز کاردەکات (سڕینەوەی فایلە کاتییەکان و پاککردنەوەی فایلە سیستەمییەکان)، ئامرازی Disk Cleanup ی سیستەمەکە بەکاربهێنە بەم شێوەیە:

بڕۆ بۆ Start Menu ، پاشان All Programs، پاشان System Tools ، پاشان "Disk Cleanup" هەڵبژێرە) یان لە خانەی گەڕاندا بنووسە"disk cleanup" ، کە ڕاستەوخۆ شوێنی بەرنامەکە دەکاتەوە).



## چۆنێتی سڕینەوەی هەمیشەیی یان لەتوپەتکردنی داتاکان:

یەکێک لە گرنگترین بەشەکانی سڕینەوەی داتا، بریتییە لە سڕینەوەی چینە بنەڕەتییەکانی زانیاری و نووسینیەوە لەسەریان بە داتای نوێ. ئەمەش ڕێگری دەکات لە ئەگەری هێنانەوەی زانیارییەکان.

BleachBit : ئەم نەرمەکاڵایە بەخۆڕاییە و سەرچاوە کراوەیە، دەتوانرێت لەسەر ئامێرەکانی ویندۆز و لینوکس بەکاربهێنرێت بۆ سڕینەوەی فایلەکان، فۆڵدەرەکان، سڕینەوەی فایلە سڕدراوەکان کە شوێنیان لەناو هارددا گرتووە، سڕینەوەی ڕێکخستنەکان و لەتوپەتکردنی ڕێڕەوەکان تا توانای هێنانەوەی زانیارییەکەن ئەستە بێت.




CCleaner بەرنامەیەکە بۆ لەتوپەتکردن و سڕینەوەی هەتاهەتایی زانیارییەکان. دەتوانێت پاراستنی تایبەتمەندی بەپێوەری ستاندارد، پاککردنەوە بەپێوەری ستاندارد، نوێکردنەوەی بەردەوامی سیستەم و نەرمەکاڵا دابین بکات، پشکنینی تەندروستی کۆمپیوتەر ئەنجام دەدات، مێژووی گەڕان پاک دەکاتەوە و شوێنپێهەڵگرەکانی ئینتەرنێت دەستنیشان بکات و بیانسڕێتەوە و ڕێگری بکات لە پڕبوونی هاردی کۆمپیوتەرەکە.




[Andro Shredder](#) : بەرنامەی مۆبایلە تایبەتە بە Android بۆ سڕینەوەی هەتاهەتایی زانیارییەکان و لەتوپەتکردنیان و سڕینەوەی پاشماوەی فایلە سڕدراوەکان.



# 08

# ڕێگریکردن لە ڕاوکردنی دیجیتاڵی



# ڕێگریکردن لە ڕاوکردنی دیجیتاڵی

"ڕاوکردنی هەڵخەڵەتێنەر" کە بە قۆڵبڕینی ئەلکترۆنی یان هەڵخەڵەتاندنی ئەلکترۆنی یا بە دزینی ئەلکترۆنیش ناودەبرێت، کۆمەڵە تەکنەلۆژیاو تەکنیکییەکە بەکاردەهێنرێت بۆ دزینی زانیاری و دەستگرتن بەسەر زانیاری کەسی و وشەی نهێنی و زانیاری بازرگانی و دارایی و ...هتد.
ڕاوکردنی هەڵخەڵەتێنەرو یەکێکە لە ڕێگە باوەکانی بەئامانج کردنی بەکارهێنەران، هاوکات ڕێگریکردن لە ڕاوکردنی هەڵخەڵەتێنەر ئاسانترین ڕێگەن کە بەکارهێنەر دەتوانێت لەڕێگەیەوە خۆی بپارێزێت تا نەبێتە قوربانی.
بەکورتی، هێرشبەر قوربانی فریودەدات لەڕێگەی پرۆسەیەکی پلان بۆ دارێژراو یان بەبەکارهێنانی تەکنیکەکانی ئەندازیاری کۆمەڵایەتی تا هانی قوربانی بدات یان ناچاری بکات بەدە داواکەیەوە بچێت و باوەڕ بەوە بهێنێت ئەو کارەی هێرشبەر دەیەوێت قوربانی ئەنجامی بدات:

- کلیک لەسەر لینکەکە کە
- زانیاری ئاڵوگۆڕ بکە
- مافی گەیشتن ببەخشە
- دگرتنی دیکۆمێنت و فایلی تووش بوو بە بەرنامەی زیانبەخش

زۆربەی کات هێرشبەر چاوەڕێ ئەوە دەکات قوربانی بەئامانجکراو هەڵەیەک بکات، تا لە توانایدا بێت بگات بە زانیاری گەیشتن بە هەژمارەکانی قوربانی.

جۆراکانی ڕاوکردن
چەندین جۆری ڕاوکردنی هەڵخەڵەتێنەر هەیە لەوانە:-



**ڕاوکردن بەسەری ڕم Spear phishing:** شێوازێکی پێشکەوتووە بۆ بەئامانج گرتنی کەسێکی دیاریکراو یان گروپێکی دیاریکراو، هێرشبەر زانیاری لەبارەی قوربانی کۆدەکاتەوە پاشان بەکاری دەهێنێت بۆ دارشتنی نامەیەک کە وەک ڕاستەقینە دەربکەوێت، بەشێوەیەکی گشتی ئەم جۆرە لەڕێگەی ئیمێڵەوە قوربانی دەکاتە ئامانج.



**ڕاوکردنی نەهەنگەکان Whaling :** هەان شێوازی سەری ڕمە کەسایەتییەکی کاریگەر یان خاوەن کۆمپانیاییەکی دیار و بەهێز لەناو کۆمپانیاو ڕێکخراوەکان دەکاتە ئامانج.




**ساختەکردنی ناونیشانەکان Pharming:** جۆرێکە لە ساختەکاری کە هێرشبەر قوربانییەکە لە ماڵپەڕێکی سەرەکی/بەناوبانگەوە ئاراستەی ماڵپەڕێکی ساختە دەکات یان ماڵپەڕێک کە بە بەرنامەی زیانبەخش هاک کراوە. دەتوانرێت زانیارییەکانی قوربانییەکە لە کاتی چوونە ناو سایتەکەدا وەربگیرێت




**Smishing:** بەکارهێنانی کورتەنامەیە بۆ فێڵکردن لە قوربانی تا زانیاری ئاشکرابکات و بداتە هێرشبەر لەبارەی ئەکاونتەکان ، ژمارەی چونەژوورەوە بەدوو هەنگاو، یان بەرنامەی زیانبەخش بۆ سەر ئامێری قوربانییەکە دابەزێنێت.




**ڕاوکردنی ئامرازی گەڕان Search engine phishing:** هێرشبەر ماڵپەڕێک دروست دەکات و دەیخاتە سەر ئامرازی گەڕان یان سۆشیال میدیا و کاڵاکان بە نرخێکی هەرزان پێشکەش دەکات، ئەمەش قوربانییەکە دەخەڵەتێنێت بۆ ئەوەی کاڵاکە بەو نرخە بکڕێت. پاشان قوربانییەکە زانیارییەکانی هەژماری بانکی خۆی تۆماردەکاتە لەماڵپەڕە ساختەکە، ئەمەیش دەبێتە مایەی دزینی زانیارییەکانی.




**6. ڕاوکردنی دەنگی Voice phishing:** هێرشبەر پەیوەندییەکی تەلەفۆنی دەنگی بەکاردەهێنێت بۆ فێڵکردن لە قوربانییەکە کە پێیوایە پەیوەندیکەرەکە لە دەزگایەکی فەرمییەوەیە پەیوەندی دەکات بۆیە دەکەوێتە داوەوە زانیارییەکانی خۆی ڕادەستی هێرشبەر دەکات.

## چۆن خۆت دەپارێزیت لە ڕاوکردنی دیجیتاڵی

گرنگە هەموو بەکارهێنەران وریا بن و ئەم ئامۆژگاریانە جێبەجێ بکەن:

1- زانیارییە هەستیارو کەسییەکانت لەگەڵ کەس هاوبەش مەکە، بەهیچ شێوەیەک لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەژێر هیچ پاساوێکدا بڵاوی مەکەرەوە.

2- **بەدەم هیچ هەڕەشەیەک مەچۆو وەڵامی مەدەرەوە،** بەهیچ شوەیەک کارلێک مەبە لەگەڵ ئەوە هەڕەشانەی لەڕێگەی کورتە نامە یان ئیمێڵ یان لە تۆڕە کۆمەڵآیەتییەکانەوە پێت دەگات.

3- **لینک مەکەرەوە،** تەنانەت ئەگەر لەکەسانی نزیکەیشەوە پێت گەیشت وریا بەو سەرەتا بیانپشکنە.

أ- [Virus Total](Virus Total) بەکاربهێنە بۆ دڵنیابوون لە لینک و فایلەکان. کلیک لەسەر هیچ لینکەێک مەکە کە پێت دەگات. لینکەکە کۆپی بکەو بچۆ بۆ ماڵپەڕەکە و لە شوێنی تایبەت بە URL لینکەکە پێست بکە، ئەگەر هیچ خەوشێکی نەبوو ئەوا لینکەکە پاکەو دەتوانی بیکەیتەوە، لەگەڵ ئەمەیشدا لینکەکە کۆپی بکەو کەرێگەی ویبگەڕەوە بۆ ناوەڕۆکەکە بگەڕێ، ئەگەر لینککە هی ناوەڕۆکێک بێت ئەوا لە دەرئەنجامەکان دەردەکەوێت.

4- دڵنیابە ئەو ماڵپەڕانەی سەردانیان دەکەیت بڕۆانامەی سەلامەتیان نوێیەوە بە **"https://".** دەستپێدەکات. هاوکات سەرنجی قوفڵی لای چەپی ناونیشانی گەڕانەکە بدە ئەگەر کارابوو ئەوا نیشانەی ئەوەیە پەیوەندییەکەت سەلامەت و پارێزراوەو ڕێگە نادات بێجگە لەخۆت کەسینی ڕێگەپێدراو، زانیارییەکان بخوێنێتەوە چاکیان بکات تر و بڵایان بکاتەوە.

5- **لەناونیشانەکان وژمارەی تەلەفۆنەکان وناونیشانی ئیمێڵەکان وکورتەنامەکان دڵنیابن** زۆربەی کاتەکان هاکەرەکان زانیارییەکانی خۆیان دەشارنەوە تا خەڵک بە داوەوەکەوە بێت.

6- **هەموو ئەو خزمەتگوزاریانەی بەکاریان دەهێنیت و بەشداریت لەگەڵیان ناوی تۆ دەزانن لەپەیوەندییەکاندا بەناوی خۆتەوە بانگت دەکەن، هەرنامەیەک کە بەشداربووی بەڕێز یان هاوبەشی بەڕێز بۆت هات جێگەی گومانە.**

7- **هەر خەڵاتێک کە پێت دەگات بەبێ بەشداریکردنت لەهیچ پێشبڕکێ وبۆنەیەک، بۆ هەڵخەڵەتاندنەم کارلێک مەبە لەگەڵیا.**

٨- ئەگەر کورتەنامە یان ئیمێڵت پێگەیشت و داوای زانیاری هەستیاری کرد **ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە کەسەکەوە بکە تا دڵنیابیت،** باشتروایە ڕێگەی ترو ئامرازی تر بەکاربهێنیت.

٩- **لەڕێگەی بەرنامەی قڵاچۆکردنی بەرنامە مەترسیدارەکان و بەرنامەی پاراستنی ئینتەرنت** خۆت بپارێزە، هیچ بەرنامەیەک بەکراک دامەگرە لەسەر ئامێرەکەت.

١٠-**چوونەژوورەوە بە دوو هەنگاو** بۆ هەموو هەژمارەکانت کارا بکە.

# 09

# سەرچاوەکان و خوێندنەوەی تر

## سەرچاوەکان و خوێندنەوەی تر

بۆ زانیاری زیاتر و دەرامەتی زۆرتر و نوێکراوە سەردانی ئەم شوێنانە بکە:-

1. **الحماية الرقمية** (عەرەبی) – زانیاری لەبارەی ئاسایشی دییجیتاڵی ڕێبەری فێرکاری و بەرنامەی سەلامەت.
2. **Security-in-a-Box** (بەهەردوو زمانی عەرەبی و ئینگیلزی) – زانیاری لەبارەی ئاسایشی ئینتتەرنت و ڕێبەری فێرکاری سەرچاوەیی.
3. **FrontLine Defenders** (بەهەردوو زمانی عەرەبی و ئینگیلزی) – زانیاری و پشتیوانی لەبارەی مەترسییە دیجیتاڵییەکان و مەترسی تر کە ڕووبەڕووی بەرگریکاران لە مافی مرۆڤ دەبێتەوە.
4. **سلامة تك** (عەرەبی) - هەواڵی ئاسایشی دیجیتاڵی ، سەرچاوە بۆ خۆفێرکردن ، پشتیوانی تەکنیکی ، ڕاهێنان و هاوکاری خێرا.
5. **لجنة حماية الصحفيين**(بەزمانی عەرەبی و ئینگلیزی) – سەندوقی سەلامەتی دیجیتاڵی بۆ ڕۆژنامەوانان.
6. **الدفاع عن النفس ضد المراقبة** (بەزمانی عەرەبی و ئینگلیزی): ئامۆژگاری و ئامرازوو ڕاسپاردە بۆ پەیوەندیکردنی سەلامەت لە ڕێگەی ئینتەرنتەوە، لە لایەن Electronic Frontier Foundation بەڕێوەدەبرێت.
7. **Cyber Kurds** (بەزمانی کوردی) – زانیاری بەزمانی کوردی لەسەر ئاسایشی ئینتەرنت.
8. **Rory Peck Trust** (بەزمانی عەرەبی و ئینگلیزی) – ڕێکخراوێکی ناحکومییە کاردەکات بۆ بنونیادنانی سەلامەتی و پشتیوانی و ڕەفاهییەتی ڕۆژنامەوانە سەربەخۆکان.
9. **Safe Sisters** (ئینگلیزی) – بەرنامەی پێدانی زەمالەییە ودرامەتەکانی خانمە بەرگریکارەکانی بواری مافی مرۆڤی و خانمە ڕۆژنامەوانان و خانمە کرێکارەکانی بواری میدیاو چالاکان دەکاتە ئامانج بۆ ڕاهێنانیان لەسەر گرەوە دیجیتاڵییەکان

10

# فەرهەنگی زاراوەکانی ئاسایشی دیجیتاڵی

## فەرهەنگی زاراوەکانی ئاسایشی دیجیتاڵی

ئەگەر پێچەوانەی ئەمە نەوترێت، ئەوا دەتوانن زۆرێک لەو پێناسانەی لێرەدا هاتووە لە بنکەدراوی Database زاراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان UNterm لێرەدا بدۆزنەوە.

- **Adware:** جۆرێکە لە بەرنامەی نەرمەکاڵا کە لەکاتی کارکردنیدا بە جۆرێک ریکلام پیشان دەدەن. هەندێکجار گەشەپێدەران وەشانی "بەخۆڕایی"ی نەرمەکاڵاکانیان پێشکەش دەکەن بە مەرجێک دەبێت سەیری ڕێکلامەکان بکەیت، ئەوان بەپێی ژمارەی ئەو کەسانەی کە کلیک لەسەر ڕێکلامەکان دەکەن پارەیان پێدەدرێت. هەروەها زۆرجار وەشانی پارەدار لە هەمان بەرنامەدا هەیە بەبێ ریکلام.
- **یادگەی کورتخایەن Cache:** ناوچەیەکی هەڵگرتنی کاتییە کە دەتوانرێت ئەو زانیارییانەی تیایدا هەڵبگیرێت کە پێویستە بەشێوەی خێرا و بەردەوام پێیان بگەیت.
- **نەرمەکاڵای " crack ":** بەرنامەیەکە بۆ چالاککردن، تۆمارکردن یان درێژکردنەوەی ماوەی تاقیکردنەوەی بەرنامەیەکی تایبەتمەند کە بەزۆری پێویستی بە ژمارەیەکی زنجیرەیی هەیە بۆ ڕێگریکردن لە دزەکردن و بەکارهێنانی بێ مۆڵەت. هەمیشە بەکارهێنانی "کراک" بۆ دەستگەیشتن بە بەرنامەکان نایاساییە[4].
- **تەکنەلۆژیای بەکۆدکردن:** بەکارهێنەر دەتوانێت ئەو زانیاریانە بپارێزێت کە لەسەر USB یان کۆمپیوتەر یان فلاش دیسک یان سی دی یان هارد دیسک هەڵیگرتووون. بەڵگەنامەی بەکۆدکراوەکان ناتوانرێت لەلایەن وەرگرە نەخوازراوەکانەوە بخوێنرێتەوە یان سەیر بکرێت، تەنانەت ئەگەر بەڵگەنامەکە خۆیشی لایان هەبێت.

[4] تەماشای ئێرە بکە قرصنة البرامج - ويكيبيديا

- **بەکۆدکردنی لەکۆتاییەوە بۆ کۆتایی (E2EE):** بەکارهێنانی بەکۆدکردنە بۆ ئامراز و خزمەتگوزارییەکانی پەیوەندیکردن، بەجۆرێک کە تەنها بەکارهێنەرانی ئامرازەکە یان خزمەتگوزارییەکە دەتوانن دەستیان بە ناوەڕۆکی کورتە نامەکان بگات. زۆرێک لە جۆرەکانی بەکۆدکردن لەلایەن پێشکەشکارانی خزمەتگوزارییەوە بڵاودەکرێنەوە بۆ پاراستنی پەیوەندییەکان بە شێوەیەک کە ڕێگری بکات لە دەستڕاگەیشتن لایەنی سێیەمی بەبێ مۆڵەت بەناوەڕۆکی نامەکان، بەڵام پێشکەشکاری خزمەتگوزارییەکە وێڕای دابینکردنی ئەم خزمەتگوزارییە هێشتا دەتوانێت دەستی بگات بە زانیارییە پەیوەندیدارەکانی بەکارهێنەر.

- **دیواری ئاگر(Firewall) :** دیواری ئاگر سیستەمێکە کە بۆ ڕێگریکردن لە چوونە ژوورەوەی بێ مۆڵەت بۆ تۆڕێکی تایبەت یان لە تۆڕێکی تایبەت دروستکراوە. دەتوانرێت دیواری ئاگر لە هەردوو ڕەقەکاڵا و نەرمەکاڵادا جێبەجێ بکرێت، یان بە تێکەڵکردنی هەردووکیان.
- **ناونیشانی IP:** ژمارەیەکی ناوازەیە کە ئامێرەکانی تەکنەلۆژیای زانیاری بەکاریدەهێنن بۆ ناسینەوە و پەیوەندیکردن لەگەڵ یەکتر لە تۆڕێکی کۆمپیوتەردا بە بەکارهێنانی ستانداردی پرۆتۆکۆڵی ئینتەرنێت (IP). هەر ئامێرێک کە بەشداری لە تۆڕەکەدا بکات - بۆ نموونە ڕاوتەر، کۆمپیوتەر، پرینتەر، و ئامێری فاکس - دەبێت ناونیشانی تایبەتی خۆی هەبێت. دەتوانرێت بە هاوتای ناونیشانی شەقام یان ژمارەی تەلەفۆنی کۆمپیوتەرێک یان ئامێرێکی تری تۆڕ لە ئینتەرنێتدا هەژمار بکرێت. هەروەک چۆن هەموو ناونیشانێکی شەقام و ژمارەیەکی تەلەفۆن بە شێوەیەکی تایبەت بینایەک یان تەلەفۆنێک دەناسێتەوە، ناونیشانی IP دەتوانێت بە شێوەیەکی تایبەت کۆمپیوتەرێکی دیاریکراو یان ئامێرێکی تری تۆڕ لە تۆڕێکدا بناسێتەوە.
- **Keylogger:** ئامرازێکە چالاکی بەکارهێنەر تۆمار دەکات وەک لێدانی کلیلەکان کیبۆردو دەتوانێت ئەم زانیاریانە بنێرێت بۆ هێرشبەرێکە بە بەکارهێنانی ئیمەیڵ بێت یان شێوازی تر.

- **بەرنامە زیانبەخشەکان:** ئەو نەرمەکاڵایە دروستکراوە بۆ هاککردن یان زیانگەیاندن بە سیستەمێکی کۆمپیوتەر بەبێ ڕەزامەندی و ئاگاداری خاوەنەکەی. نەرمەکاڵاکە بە نەرمەکاڵایەکی زیانبەخش دادەنرێت بە پشتبەستن بە مەبەستی هەستپێکراوی دروستکەری نەرمەکاڵاکە. ڤایرۆسی کۆمپیوتەر و کرمەکان و ترۆجان و بەرنامە سیخوڕییەکان و ریکلامی ناپاک و نەرمەکاڵا زیانبەخش و نەخوازراوەکانی تر لەخۆدەگرێت. لەبنەڕەتدا تێکەڵەیەکە لە "نەرمەکاڵا" و "زیانبەخش".
- **ڕێڕەوی پیاز:** بنەمای تەکنەلۆژییە بۆ تۆڕی تۆر. ناوەکە لە پێکهاتەی هاوشێوەی پیازەوە وەرگیراوە بۆ سیستەمی بەکۆدکردنی بەکارهێنراو لە تۆردا، کە چەندین جار لە چەندین چیندا پارێزراوە. ئامانج لە ڕێڕەوکردنی پیاز ئەوەیە کە ئینتەرنێت بە شێوەیەکی تایبەت بەکاربهێنرێت، ڕێڕەوکردنی هاتوچۆ لە ڕێگەی چەندین سێرڤەرەوە و لە هەموو هەنگاوێکدا بەکۆدەکرێت[5].

- **نەرمەکاڵای سەرچاوە کراوە:** ئەمە زاراوەیەکی گشتییە بۆ نەرمەکاڵا (بەرنامەکان و نەرمەکاڵای سیستەم) کە کۆدی سەرچاوە بە ئاشکرا بۆ هەر بەکارهێنەرێک بەردەستە؛ نەرمەکاڵایەک کە دەتوانرێت بەبێ سنووردارکردن بەکاربهێنرێت، کۆپی بکرێت، لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت، دەستکاری بکرێت و دووبارە دابەش بکرێتەوە.
- **PGP:** PGP کورتکراوەی "Pretty Good Privacy"ە، و بەرنامەیەکی کۆدکردنی کلیلی گشتی ناهاوسەنگە کە توانای دڵنیابوون لە نهێنی و متمانەپێکراوی پەیوەندییە ئەلیکترۆنییەکانی هەیە.
- **ڕاوکردن (فیشینگ):** تاکتیکە بۆ ئەنجامدانی ساختەکاری ئۆنلاین و دزینی ناسنامە. بۆ نموونە "فێڵبازێک" ئیمەیڵێک دەنێرێت کە داواکارییەکی بازرگانی یاساییە - بۆ نموونە لە بانکێکەوە کە داوای لە کڕیارەکان دەکات بەیاننامە داراییەکان پشتڕاست بکەنەوە. ئیمەیڵەکە بەستەرێکی تێدایە کە مەبەست لێی چوونە بۆ ماڵپەڕێکی بانکی یاسایی. بەڵام لەڕاستیدا سایتەکە ساختەیە و کاتێک قوربانییەکە ژمارەی ئەکاونتەکان، وشەی نهێنی یان زانیاری هەستیاری تر دەنووسێت، ئەم داتایانە دەگیرێن و دواتر لەلایەن فێڵبازەکەوە بەکاردەهێنرێت بۆ ئەنجامدانی ساختەکاری.

[5] بۆ زانیاری زیاتر، سەردانی پرۆژەی Tor بکە لێرە https://www.torproject.org

- **بەرنامەکانی بەبارمتەگرتن Ransomware:** جۆرە بەرنامەیەکە بۆ دەستڕاگەیشتن بە سیستەمێکی کۆمپیوتەر دروستکراوە تا ئەو کاتەی قوربانی دەبێت بڕە پارەیەک بدات. هەندێک جۆری بەرنامەی بەبارمتەگرتن، فایلەکانی سەر هاردەکەت بەکۆد دەکەن (هەروەها بە cryptographic extortion ناسراوە)، لە کاتێکدا هەندێکیان ڕەنگە بە سادەیی سیستەمەکە بکوژێننەوە و پەیام پیشان بدەن بۆ ئەوەی قوربانییەکە ڕازی بکەن پارە بدات.
- **بەرنامەکانی سیخوڕی:** نەرمەکاڵای کۆمپیوتەرە کە زانیاری کەسی دەربارەی بەکارهێنەران کۆدەکاتەوە بەبێ ڕەزامەندی و ئاگاداریان دەیبات. زانیارییە کەسییەکان بە نهێنی تۆمار دەکرێن بە بەکارهێنانی چەندین تەکنیک، لەوانە تۆمارکردنی لێدانی کلیلەکان، تۆمارکردنی مێژووی گەڕانی وێبگەڕ لە ئینتەرنێتدا و سکانکردنی بەڵگەنامەکان لەسەر هارد دیسکی کۆمپیوتەر.
- **ترۆجان:** بەرنامەیەکە کە بە شێوەیەکی ئاسایی دەردەکەوێت، بەڵام کاتێک کاردەکات هەندێک چالاکی نایاسایی ئەنجام دەدات. دەتوانرێت بەکاربهێنرێت بۆ دیاریکردنی شوێنی هەڵگرتنی زانیارییەکانی وشەی نهێنی، کردنەوەی سیستەمەکە زیاتر بەرەوڕووی دزەکردن زانیاری لە داهاتوودا، یان بە سادەیی لەناوبردنی بەرنامە و زانیارییە هەڵگیراوەکانی بەکارهێنەر. ترۆجان هاوشێوەی ڤایرۆسە، تەنها ئەوە نەبێت کە خۆی دووبارە ناکاتەوە.
- **VPN:** "تۆڕی تایبەتی گریمانەیی" تۆڕێکە کە ڕێڕەوێکی تایبەت لە سەرانسەری ئینتەرنێتدا دابین دەکات کە تەنها بەکارهێنەرانی ڕێگەپێدراو دەتوانن دەستیان پێ بگات، و لە ڕێگەیەوە تەنها زانیارییە ڕێگەپێدراوەکان دەتوانن بگوازرێنەوە.
- **کرمۆڵکەکان:** زاراوەیەکی کۆمپیوتەرییە، ئاماژەیە بۆ بەرنامە مشەخۆرە زیانبەخشەکان، هاوشێوەی ڤایرۆسەکان، کە دووبارە خۆیان بەرهەم دەهێننەوە و بڵاودەبنەوە لە سەرانسەری تۆڕەکاندا بەدوای ئامێرە لاوازەکاندا دەچن تا تەشەنە بکەن. بە پێچەوانەی ڤایرۆسەکانەوە، کرمەکان فایلەکانی بەرنامەکانی تری کۆمپیوتەر تووش ناکەن. کرمەکان

دەتوانن لە هەمان کۆمپیوتەردا کۆپی دروست بکەن، یان دەتوانن لە ڕێگەی تۆڕەوە کۆپی بۆ کۆمپیوتەرەکانی تر بنێرن.

**تیمی کارکردن**

| | |
|---|---|
| حەیدەر حەمزوز | ڕێکخەر |
| ئاسۆ وەهاب | ئامادەکاری ناوەڕۆک و دیزاین |
| هالە زیاد | وێنەکان |
| محەمەد عەبدوڵڵا | پێداچوونەوە زمانەوانی وەشانی عەرەبی ڕێبەرەکە |

Human Rights Office
United Nation Assistance Mission for Iraq
(UNAMI)
بعثة الأمم المتحدة لمساعدة العراق
(يونامي)

INSM
الشبكة العراقية
للإعلام المجتمعي



# خۆپاراستن لەناو ئینتەرنت و ئاسایشی دیجیتاڵی

ڕێبەری بەکارهێنەر بۆ بەرگریکاران لەمافی مرۆڤ

2022